# سلێمانی. . . شاری هەڵمەت و قوربانی ... خاڵەحەمە

لە سێ ڕۆژەی
زامی گەورەی
خەمی کوردا
کێ وەکوو تۆ بەکوڵ گریا؟
کێ لەخەونی هەزارساڵەی
ئەمگەردوونە راچڵەکی و
یاخی و سەرکەش
خۆی راپسکان
لەزامی ژیان
خۆی ڕاپسکان لە زیندان و
کەلەپچە و خوێن. .
بۆ ئازادی بوو بە پشکۆ
بوو بە بەڵێن. .
لە سێ ڕۆژەی
زامی گەورەی ئەم خەمەدا
کێ بوو توانی
بۆ سەرلەنوێ
لەسەر نەخشەی ئەم جیهانە
هێلکی سوور
رابکێشێ
بەچوار دەوری کوردستانا؟
پڕاوپڕی گشت چاوەکان
گشت گوێچکەکان
گشت دەمەکان
هاوار بکات
ئەم وولاتە شیرینەی من
ئەم وولاتە دێرینەی من
خاکی کوردو کورد نشینە
خاکی ژانە
خاکی شینە!!
بۆ ئەو کەسەی لێی بەقینە
خاکی گوڵ و پەپولەیە
بۆ ئەو کەسەی دۆستی (مەیە) . .

دانمارك/ڤالبی/2004

تێبینی

---

* (مەیە) کورتکراوەی (ئێمەیە)
*ئەم هۆنراوەیە مانای ئەوەنییە کە سلێمانیم لەشارەکانی تری کوردستان پێ گەورەترو سەروەرتر. . بەڵام کاتی شاعیر جێگەی لەدایک بوونی خۆی ئەلاوێنێتەوە وا حەزئەکا بە جوانترین شیوە ئاراییشتی بکا، کوردستان لای من ماڵی باوانمە بێ جیاوازی جێگەکان. . . . سوپاس. . . . . .